SPORT
280
وەرزش

ژمارە (٢٨٠)   چوارشەممە ٢ / ٧ / ٢٠٠٣   ٢٧٠٣ی کوردی   ٤ لاپەرە نرخی دوو دینارە   Wednesday   2 / 7 / 2003

## ٣٢ هەڵبژاردە بەشداری لە مۆندیالی ٢٠٠٦ و ٢٠١٠ دەکەن

لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی راپەڕاندنی فیفا کە لەشاری پاریس بەسترا، پێشنیارەکەی یەکێتی تۆپی پێی ئەمەریکای باشوور سەبارەت بە زیادکردنی ژمارەی هەڵبژاردە بەشداربووەکان لە مۆندیالی ٢٠٠٦ لە ٣٢ هەڵبژاردە بۆ ٣٦ هەڵبژاردە رەت کرایەوە و فیفا بڕیاری دا کە لە هەردوو مۆندیالی ٢٠٠٦ و ٢٠١٠ ژمارەی هەڵبژاردەکان بە ٣٢ هەڵبژاردە بمێنێتەوە.

ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی ئەمەریکای باشوور کە ٩ جار جامی جیهانیان بەدەست هێناوە هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە بەشداری لە مۆندیالی ٢٠٠٦ ناکەن ئەگەر ژمارەی کورسیەکانیان زیاد نەکرێت، ئەوەبوو فیفا ناچاربوو کە نیو کورسی لە کیشوەری ئۆقیانیا وەربگرێتەوەو بیداتەوە کیشوەری ئەمریکای باشوور، بەپێی ئەم بڕیارە پێنجەمی ئەمریکای باشوور لەگەڵ پاڵەوانی ئۆقیانیا یاری دەکات و براوەیان دەگاتە مۆندیالی ٢٠٠٦.

## یاریەکی دۆستانەی تایکواندۆ

بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئەزموونەکانی سەری ساڵی قوتابیان بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر رۆژی ٢٠٠٣/٦/٢٨ یاریەکی دۆستانە لەنێوان تیپی تایکواندۆی بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێرو هەڵبژاردەی هونەرە جەنگیەکانی کوردستان لە هۆڵی زەرد بەڕێوەچوو.

لەئەنجامدا هەردوو تیپ بەچوار کێش بۆ هەر یەکێکیان بەرامبەر بوون. یاریزانان ڕێوان جەوهەر، سەبور یوسف، سەرهید سەعید، ڕێبین عەلی، محەمەد بورهان. بۆ ریزی هەڵبژاردەی هونەرە جەنگیەکانی کوردستان بانگهێشت کران.

## چەند یارییەکی دۆستانە

* رۆژی چوارشەممەی رابردوو، هەردوو یانەی بروسک و موسڵ لە یارییەکی دۆستانەدا کە لەیاریگای ئەوەی دوایی بەڕێوەچوو، بەیەک گەیشتن لەئەنجامدا یانەی موسڵ بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرامبەر یارییەکەی بردەوە.
* رۆژی پێنج شەممەی رابردوو، لە یاریگای باباگوڕگوڕ لە کەرکوک ناوبژیوانانی هەولێر بەئەنجامی (٣) گۆڵ بەرامبەر (٢) گۆڵ لە ناوبژیوانانی کەرکوکیان بردەوە.
* رۆژی رابردوو، لە یاریگای باباگوڕگوڕ، هەڵبژاردەی کەرکوک بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرامبەر لە یانەی هەولێری بردەوە. هەر لە هەمان رۆژیشدا لەسەر یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری هەردوو یانەی هەولێرو شەبابی بەغدا بەبێ گۆڵ بەرامبەر بوون.

## بەگۆڵی زێڕین هەڵبژاردەی فەڕەنسا جامی کیشوەرەکانی بەدەست هێنا

لەیاری کۆتایی پاڵەوانیەتی جامی کیشوەرەکانی شەشەم کە هیچ دیاردەیەکی ئاهەنگ گێڕانی تێدا ئەنجام نەدرا بۆ رێزلێنان لەگیانی یاریزانی کۆچ کردووی هەڵبژاردەی کامیرۆن مارک ڤیڤیان فۆیە کە لەکاتی یاریەکانی قۆناغی پێش کۆتایی گیانی لەدەست داو بەئامادەبوونی زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس لە یاریگای سانت دێنس لەشاری پاریس، هەڵبژاردەی فەرەنسا بۆ جاری دووەم لەسەر یەک پاڵەوانیەتیەکەی بەدەست هێنا دوای سەرکەوتنی بەسەر هەڵبژاردەی کامیرۆن بەگۆڵی زێڕین و بەئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرامبەر.

بەر لە لە دەستپێکردنی یاریەکە ئامادەبووان لەگەڵ یاریزانانی هەردوو هەڵبژاردەکە وێنەیەکی گەورەی فویەیان هەڵگرتبوو، دەقیقەیەک وەستان، هەروەها فیفا ڕێگای بە یاریزانانی کامیرۆن دا کە ناوی یاریزان فۆیە لەسەر درێسەکانیان بنوسن، لەگەڵ ئەوەی یاریزانانی کامیرۆن لە بارێکی دەروونی نالەبار دابوون بەڵام توانیان ئاستێکی بەرز پێش کەش بکەن کە سەرەنجی چاودێرانی بۆ خۆی راکێشا و زیاتر لە جارێک دەیانتوانی گۆڵ تۆماربکەن بەڵام بەخت یاوەریان نەبوو، لە دەقەی ٩٧دا یاریزان تێری هینری گۆڵی زێڕینی بۆ هەڵبژاردەکەی تۆمارکرد و بۆ دووەم جار نازناوەکەی بۆ فەڕەنسا مسۆگەر کرد.

لەدوای تەواوبوونی یارییەکە جوزیف سیب پلاتەر میدالیای



یاریزان فویەی پێش کەش کرد و جوانترین دیمەنیش ئەوکاتە بوو کە کاپتنی هەردوو هەڵبژاردە دۆسایی و سۆنگ بەیەکەوە جامی کیشوەرەکەیان بەرزکردەوە.

لەلایەکی دیکەوە هەڵبژاردەی تورکیا پلەی سێیەمی بەدەست هێنا دوای ئەوەی بەئەنجامی «٢-١» گۆڵ لە هەڵبژاردەی کۆلۆمبیای بردەوەو هەمان دەستکەوتی مۆندیالی ٢٠٠٢ی دووبارە کردەوە.

## ئەمشەو یاریەکی خێرخوازی ئەنجام دەدرێت

لەمیانی هەوڵە خێرخوازەکانی یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لویس فیگۆ، کاتژمێر ١٥ر١١ی ئەمشەو یاریەکی خێرخوازی لەنێوان تیپی لویس فیگۆ و تیپی رێکخراوی یونسێف ئەنجام دەدرێت، واش بڕیارە چەندین ئەستێرەی جیهانی بەشداری لەم یاریەدا بکەن بەتایبەتی یاریزانانی یانەی ریال مەدرید پاڵەوانی خولی ئیسپانیا.

## یانەی بەرشلۆنە لە قۆناغی تازەکردنەوەدایە

دوای ئەوەی خوان لاپۆرتا وەک سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە هەڵبژێردرا، ناوبراو دەستی بە تازەکردنەوەی یانەکەی کرد هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوو لە مۆرکردنی بۆندێک لەگەڵ یاریزان دێڤید بێکهام، لاپۆرتا بۆندێکی لەگەڵ راهێنەر فرانک ریکاردی هۆڵەندی مۆرکرد بۆ ئەوەی یانەکەی بۆ وەرزی داهاتوو ئامادەبکات.

لاپۆرتا بۆندێکی دیکەشی لەگەڵ گۆڵچی هەڵبژاردەی تورکیا رەجبەر رۆشتۆ مۆرکرد، لەلایەکی دیکەوە یانەی بەرشلۆنە رایگەیاند کە بۆندی یاریزانانی هۆڵەندە فرانک دی بۆیەر و پاتریک کلویڤەرت تازە ناکاتەوە، هەروەها ئەوشی راگەیاند کە یاریزانی ئەرژەنتینی خوان ریکویلمی بۆ فرۆشتنە جگە لەوەی کە ئەوەشی راگەیاند کە هیچ بۆندێک لەگەڵ یاریزانی ئەرژەنتینی خوان پابلۆ سۆرین کە بەشێوەیەکی کاتی لە یانەی لازیۆی ئیتالیەوە هاتبوو، مۆر ناکات.

# یانەی شورتە لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی و لەیەکەم بەشداری تیپێکی تۆپی پێی عێراقی لەدوای پرۆسەی ئازادکردن دا

وابڕیارە رۆژی یەک شەممەی داهاتوو٢٠٠٣/٧/٦ یارییەکانی تۆپی پێی یانەکانی عەرەب بەبەشداربوونی (١٠) یانە لە یاریگاکانی یانەی ئەنبی و زەمالیکی میسری دەست پێ بکات، لەم پاڵەوانیەتیەش یانەی شورتەی عێراقی یەکەم تیپە لە یەکەم پاڵەوانیەتی لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بەشداری دەکات یانە بەشداربووەکانیش بۆ دوو گروپ بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراون.

**گروپی یەکەم: ئەنبی (میسر)- ریفاع (بەحرێن)-ئیتیفاق (سعودیە) فەیسەڵی (ئەردەن)- رەجا (مەغریب).**

**گروپی دووەم: زەمالیک (میسر)- شورتە(عێراق)- کوێت (کوێت) جەیش (سوریا)- ئیتحاد (جەزائیر).**

یارییەکانی هەر گروپێک بە سیستەمی خول ئەنجام دەدرێت و لە قۆناغی پێش کۆتاییدا یەکەمی گروپی یەکەم لەگەڵ دووەمی گروپی دووەم و بەپێچەوانەوەش دووەمی گروپی یەکەم لەگەڵ یەکەمی گروپی دووەم یاری دەکات و براوەی ئەم دوو یارییەش بۆ وەدەستهێنانی جامەکە لەیاری کۆتایی رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە ئەمەش خشتەی تەواوی یارییەکانی ئەم پاڵەوانیەتیەیە:

| گروپ | رۆژ و بەروار | یاری نێوان | کات |
| --- | --- | --- | --- |
| B | یەک شەممە ٢٠٠٣/٧/٦ | (زەمالیک × جەیش) (شورتە × کوێت) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| A | دووشەممە ٢٠٠٣/٧/٧ | (ئەنبی × ریفاع) (ئیتیفاق × فەیسەڵی) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| B | سێ شەممە ٢٠٠٣/٧/٨ | ( جەیش × شورتە) (زەمالیک × ئیتحاد) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| A | چوار شەممە ٢٠٠٣/٧/٩ | (ریفاع × فەیسەڵی) (ئەنبی × رەجا) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| B | پێنج شەممە ٢٠٠٣/٧/١٠ | (شورتە × ئیتحاد) (جەیش × کوێت) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| A | هەینی ٢٠٠٣/٧/١١ | (فەیسەڵی × رەجا) (ریفاع × ئیتفاق) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| B | یەک شەممە ٢٠٠٣/٧/١٣ | (ئیتحاد × کوێت) (شورتە × زەمالیک) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| A | دوو شەممە ٢٠٠٣/٧/١٤ | (رەجا × ئیتفاق) (فەیسەڵی × ئەنبی) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| B | سێ شەممە ٢٠٠٣/٧/١٥ | (ئیتحاد × جەیش) (کوێت × زەمالیک) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| A | چوار شەممە ٢٠٠٣/٧/١٦ | (رەجا × ریفاع) (ئیتفاق × ئەنبی) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| پێش کۆتایی | هەینی ٢٠٠٣/٧/١٨ | (یەکەمی گروپی یەکەم × دووەمی گروپی دووەم) (یەکەمی گروپی دووەم × دووەمی گروپی یەکەم) | (-ر٧) (٩ر١٥) ئێوارە |
| کۆتایی | یەک شەممە ٢٠٠٣/٧/٢٠ | یاری کۆتایی | (٩ر١٥) ئێوارە |

